Kurdistannet کوردستان نێت

# لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی کوردی
# ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک ئافرەتی شاعیری کورد

ئامیق هەورامی



**ئەلقەی (١)**

بەرایی

جارێکی دی بێ دوودڵی دەیڵێینەوە کە ئێمەی کورد دەبێت لە ئاست گەورەیی پیرو یارانی ئەهلی هەقدا خۆمان بەقەرزار بزانین، چونکە ئەرشیفێکی گەورەیان بۆ ئێمە دروستکردووە ئەویش بەرێگای پەیڕەوانی ئەو ئایینەوە کە سەرجەم کەلام و بەیت و مەراسیمە ئایینیەکانی خۆیان کە بەشێکن لە دیرۆکی ئەدەبی ئێمە لە رێگای لەبەرکردنەوە پاراستوویانەو ئەمڕۆ وەک سەرچاوەیەکی گرانبەها دێتە ژماردن.

بەلێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە چەند لاپەڕەیەکی درەوشاوەو کەم وێنە لە ئەدەبی نەتەوەکەماندا بەدەردەکەوێت، لێرەدا هەوڵ دەدەم وەک لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی زانستیانە ئەوەندەی لە توانامدا بێت قسە لەسەر بەرهەم و ژیانی کۆمەڵێک ئافرەتی شاعیری گومناوو نموونەی شیعریان بکەم.

گومانی تێدا نییە گەلی کورد بەر لە هاتنی ئۆردوی داگیرکەران بۆ ولاتەکەیان نموونەی گەلێکی زیندووبوون، ئافرەتانیش وەک پیاوان لەسەرجەم صاف و ئەرکەکاندا ئەخشی بەرچاویان هەبووە، دیارە ئەمەش هەلقولاوی بیرو ئایینی رەسەنی کوردان بووە. ئەو خانمە شاعیرانەی لێرەدا باس لەژیان و بەرهەمیان دەکرێت سەرجەمیان جگە لە (ئەرگز خانمی جاف) شیعرەکانیان بەزمانی هەورامی نووسیوە، چونکە ئەو زمانە زمانی رەسمی ئەو ئایینەیە کە لە پاش لاوازبوونی ئایینی زەردەشت بەچڕوپڕترین و پڕ خەلکترین و کاملترین ئایینی کوردی دێتە ژماردن ئەویش (ئایینی ئەهلی هەق)ە.

ئەگەرچی کەمترین پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە جوگرافیای هەورامانداو زۆرترینیان لە ناوچەکانی (کرماشان، صفیە، کەرکوک، خانەقین) دان بەلام شێوەی ئاخاوتنی خەلکەکە زمانی هەورامی - گۆران -یەو پەیڕەوانیش بەخۆیان دەلێن (ماچۆ) کە هێمایە بۆ زمانی هەورامی، بەم پێیە ئەوانە بەشێکن لە هەورامان و خۆشیان شانازی بەهەورامی بوونی خۆیانەوە دەکەن..

عابیدینی جاف یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئاینی ئەهلی هەق و سالی ٧٢کۆچی لە شارەزوور لە دایکبووە و

یەکێکە لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی سان سەهاکی بەرزنجی و جێ پەنجەی لەسەر (نامەی سەرەنجام) کتێبی پیرۆزی ئەهلی هەقدا دیارە. لە شیعرێکی درێژدا کە باس لە مەیل و ئارەزووی خۆی بۆ ئاینی ئەهلی هەق و بنەماو فەلسەفەی ئەو ئاینە دەکات لە جێگەیەکدا دەڵێت:

**بەپێی وتەی سەرەنجامم**
**لە شارەزووره هەنجامم**
**یارم لەوێ ئەدا کامم**
**لەبادە پڕ ئەکا جامم**
**سارێژ ئەکا ئێش و زامم**
**تا بکەمە هیمی و دامم**
**من عابدینی هەورامم**
**دڵداری جوانی خواجامم**

یان لە جێگەیەکی دیکەدا هەورامان بەشاری خۆی دەزانێت چونکە هەورامان یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق و چەندین جێگای پیرۆزیان لە هەوراماندا هەیە لەوانە (گوندی هاوار کە خاکی پیرۆزی ئەهلی هەق)ە، (شێخان کە پایتەختی دەسەڵاتداری کاکەییەکان بووە روباری پیرۆزی سیروان بەقەراغ ئەو گوندەدا دەروات و ئارامگای سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی - سان سەهاکی بەرزنجەیی - لەوێیە) (پردیوەر) کە قیبلەی ئەهلی هەقەکانە لە هەورامانە. عابدین لە بارەی هەورامانەوە دەڵێت:

**شاری هورمزگانم جوانە — ئەم شارە بۆ یاران خوانە**
**ئاگرگاکانی گشت ماوە — گەرچی گەلێکی رماوە**
**باغ و بەری فراوانە — هەتا حەز بکەی ئاوانە**

دیارە هەورامان لەبەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە لانکی ژیان و گەشەی شارستانی بووە، دۆزینەوەی ئەو ۳ قەباڵەیەی کە لەگوندی (سورەتفێ)ی نزیک (سەولاوا)ی دامێنی (کۆساڵان)دا لە ساڵی ۱۹۰۵ و دواتر گەیشتنیان بەشاری لەندەن لە ساڵی ۱۹۱۳ نموونەی مێژووی دێرینی ئەم گەلەن، ئەم قەباڵانە بەپێی ئەم هێشتەیە مێژووی نووسین و ئەلفابایان و سەردەمی دەسەڵاتەکەی تێدا دیارە.

قەباڵەی یەکەم/ ۸۸ پ. ز نووسراوە بەزمانی یۆنانی و لەسەردەمی میهردادی دووەمدا نووسراوە کە ساڵانی ۷۷-۱۲٤ پ. ز حوکمی کردووە. قەباڵەی دووەم / ۲۱-۲۲ پ. ز نووسراوە بەزمانی یۆنانی لەسەردەمی ئەردیٚ یەکەمدا.

قەباڵەی سێیەم/ ۱۱ پ. ز بەخەتی ئارامی نووسراوە لەسەردەمی دەسەڵاتی فەرهادی چوارەم ۲-۲۰ پ. ز ئەمانە بەڵگەی زیندووی شارستانیەتی ئەم گەلەن و بێگومان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا لاپەرەی زێرینیان هەیە. ئافرەتیش کە مەبەستی سەرەکی باسەکەمانە نەخشی بەرچاوی لەو شارستانیەتەدا هەبووە.

لە سەرجەم بوارەکاندا ئافرەت هیچکات هیچی لە پیاو کەمتر نەبووە، مامۆستا (محمد صالح ئیبراهیمی- شەپۆل) دەڵێت لەسەر نەخشی دراوێکی کۆندا ناوی ئافرەتێکی حوکمڕانی ناوچەکە هاتووە.

لە هەورامان هەڵکەنراوە لەگەڵ وێنەی خۆی لەسەر دراوەکە و لە دیوەکەی دیکە ناوی (ئاداد) نووسراوە.

داد بەواتای دادپەروەری دێت و زۆربەی پاشاکان ئەشکانی ناویان بەداد کۆتایی دێت.

داد لە هەورامیدا بەهەمان مانا دێت، بەڵام مامۆستا شەپۆل وای لێکداوەتەوە..

داد = تات = تاتە. واتە باوک - باو - بابە (ئا) ئامرازی نەفی کردنە واتە ئاداد = نا باوک و پێچەوانەکەی (دایک)ە.

بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر لاوازەو من پێم وایە (ئاداد) بێت ئەم وشەیە لەسەر زمان رۆشتووە بەم جۆرە:

ئاداد = ئەداد = ئەدا

چونکە لە هەورامیدا بەدایک دەڵێن (ئەدا).

هەر لە بارەی حوکمڕانی ئافرەتەوە (سترابون) باس دەکات کاتێک لە ساڵی ٦١۲ پ. ز (هووە خشتەرە)ی ماد شاری موسڵ داگیر دەکات ئافرەتێکی میدی دەکاتە پارێزگاری ئەو شارە.

لەسەردەمی حوکمڕانی (سان)ەکانی هەوراماندا هەندێک ئافرەت پایەی (سان) یان هەبووە، سان بەواتای (سوڵتان) دێت، وەک چۆن بە (سوڵتان ئیسحاق) دەوترێت (سان سەهاک)، واتە (سان) کورتکراوەی سوڵتانە.

لەو ئافرەتە سانانەی لە مێژوودا ناویان هەیە.

۱- هۆریزاد سان لە دوای کوژرانی ئەسکەندەر سان لە ساڵی ۱۲۲٥ دەبێتە سانی هەورامان پاش ساڵێک

حوکمڕانی بەصەر (کەمەرە، ڕەزاو، شامیان) حوکمڕانی دەداتە دەست (محمد بەگ)ی میردی.

٢- (منیژە سان) یان (مەنیجە سان).

٣- میناخانی کچی ڕۆستەم سان

٤- ئامینە خانی کچی ئەفراسیاو بەگ.

٥- ئافتاو خانی غەفار بەگ.

٦- ئاسیە خانی کچی مەحموود خانی دزلی.

ولاتی کوردەواری پڕە لە زۆرێک حوکمڕانی لەم جۆرە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا لەوانەش (خانزادی میری سۆران، حەپسەخانی نەقیب، عادیلەخانمی جاف و دەیان ناوی دی).

وشەیەک پێویستە بگوترێت:

بەرلەوەی قسە لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەو خاتە شاعیرانە بکەین سەرنجی خوێنەران رادەکێشم بۆ ئەم خالانەی لای خوارەوە.

١- تەواوی تێکستەکان بەشێوەی هەورامی نوسراون جگە لە دەقی شیعرەکانی «نەرگزخانی جاف».

٢- تەواوی دەقەکان لە بازنەی ئاینی ئەهلی هەقدان و لێکدانەوەیان پێویستی بەوردەکاری هەیە بۆیە هەوڵ دەدەم بەپێی زانیاری و ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمدان دەقەکان لێک بدەمەوە لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکان.

**(١)**

**دایە تەورێزی هەورامی**

دایە تەورێز شاعیرێکی هەست ناسک و سۆفیەکی رۆشنبیر بووە. لەسەرەنجامدا هاتووە: لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا هاتووەتە ژیانەوە، لەگەڵ شالاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی مۆرکی کوردان بەدەم بانگەوازەکەی «بابا سەرهەنگی دەودانی»یەوە چووە کاتێک هەستیان بەمەترسی هێرشی بێگانان کردووە بۆ ناوچەکەیان. بابا سەرهەنگ یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت لەگەڵ کزبوونی ئەم ئاینەدا جارێ ڕێ و ڕچەیەکی تازەی داوەو زۆرێک شوێن کەوتووی هەبوون کەوایە تەورێز یەکێکە لەو شوێن کەوتوانە.

کاتێک (بابا سەرهەنگ) هەواڵی کوژرانی ئیمامان دەبیستێ و هەواڵی بەدیل چوونی شەن و کەنیکان دەبیستێ، دەداتە کێوەکانی هەورامان و بانگەوازی ئاین و شۆڕشێکی نوێ دەکات وەک لەم دو بەیتیەدا دیارە:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان

گرد ئامادەبان پەی ئامانتان

**ئەز مەڵهەم مەنیەو ئەزامانتان**

**مەرەسم وەحەق ئیمامانتان**

واتە: خۆتان سازو ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و منیش دەگەمە لاتان و تۆڵەی ڕابەرە لە خوێن شەلالەکانتان دەستێنم.

دایە تەورێز دەبێتە یەکێک لە یارو شوێنکەوتوانی بابا سەرهەنگ و سەراپای تەمەنی بەفێربوونی زانست و ئایینداریەوە دەباتە سەر. ئەم خانمە شاعیرە لەگەڵ ئەوەدا بوێژێکی خامە ڕەنگین و وشە ناسک بووە (تەمبوورە) ژەنێکی لێهاتووش بووەو لە جەمخانەدا لەگەڵ زایەڵەی (تەمبوورەدا) (کەلامی) خوێندووە.

دایە تەورێز یەکەمین شاعیری ئافرەت بووە لە (سەرەنجام)دا شیعری هەبووە. لە دایە تەورێزەوە کۆمەڵێک دەقی جوان لە شێوەی دوبەیتی جێماون لە کتێبێکدا بەناوی «دەورەی بابا سەرهەنگ». دایە تەورێز لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا کۆچی دوایی کردووەو هەرلەوێش نێژراوە.

ئەمەش نموونەی شیعرەکانیەتی کە دوبەیتین و ئێمەش دوبەیت دوبەیت شیکاریان دەکەین:

رازەن پیالەم، رازەن پیالەم.. سەرسامم نەبەزم رازەن پیالەم

بادەی پیالەم باوا وەنالەم.... چونکە نالەکەم بەرز بی نەعالەم

واتە: پیالەی مەی نۆشی و رازی خوایم پڕە لە نهێنی و لە بەزمی جەمخانەدا سەرسامم و بادەی پیالەم بەفریادم گەشت و نالەم گەشتە بەرزایی دونیا.

تەورێز دەیەوێت بڵێت لە ئەفسونەوە پیالەیەک مەی درایە دەستم و مەستی کردم، لە مەستیمدا سەرسامی بەزمی جەمخانە بووم، لەوێدا یاران لە پەنهانی ئەودیو نهێنییەکانەوەن، من دەروونم گڕی گرتبوو بەگڕی عەشقی خودایی و نالەو هاوارم گەردوونی گرتبوو بەو پیالەی پڕ لە مەیە جۆش و خرۆشی دەروونم دامرکایەوە.

**جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن**

**یاران یاوەران جەم پەی ڕاسانەن**
**هەرکەس نیەوکی کەرۆ ئاسانەن**
**جەم پەی ڕۆشنی زێڵ خاسانەن**

واتە: ئەی پەیڕەوانی ئەم ئاینە کـــۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و ئیمانداراندە، هەرکەس لە جەمخانەدا نیازو قوربانی بکات کاری لەبەر دەڕوات، جەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕۆشنی دڵ و دەروونە.

بەپێی بنەماکانی ئاینی ئەهلی هەق دەبێت پەیڕەوان هەر هەفتەی جارێک لە جێگایەکدا کۆببنەوە کە ناوی جەمخانەیە. لە جەمخانەدا پڕ بەدەم نەوای تەمبوورەوە سروودەکان دەخوێنن و پەیڕەوانیش لەگەڵیدا سرودە ئاینییەکان دەڵێنەوە.

یەکێک لە مەرجەکان و پێویستیەکانی چون بۆ جەم بۆ ئەوەیە نیازو قوربانی پێشکەش بکرێت.

**زێڵ کەران ڕەوشەن، زێڵ کەران ڕەوشەن**
**یاران وەخورە زێڵ کەرا ڕەوشەن**
**سەرسپەردە بان وەیاری وەشەن**
**بسازن پەرێ وێتان یوو جەوشەن**

واتە: یاران و پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە بەتیشکی جوانیی دڵتان ڕۆشن بکەنەوە، سەر بسپێرن بەم ڕێبازە چونکە سەرچاوەی ئاسوودەییەو بۆ ڕۆژی پەسڵان کراسی زێڕ بۆخۆتان دروست بکەن.

سەرسپاردن لەئاینی ئەهلی هەقدا یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پەیڕەوان و دەبێت هەر منداڵێک لە دایک دەبێت پاش هەفتەیەک لە جەمخانەدا سەر بسپێرێت پێداویستی سەرسپاردن بریتین لە (یەک گوێز، یەک کەڵەشێر، یەک مەن برنج، ڕۆن، نان و خوێ) مەبەست لەسەر سپاردن پەیماندانە کە تا مردن دەسبەرداری ئەو ڕێ ڕێچەیە نەبێت. بۆ ئەمْ مەراسیمە تەقسی تایبەتی هەیە لە جێگایەکی دیکەدا بەدرێژی باسی ئەم مەراسیمە دەکەین.

ئەڵقەی ( ٢ )

**جەلالە خانی لوڕستانی**

ئەم خانمە شاعیرە خودان ژیانێکی پڕ لە ئەفسانەو ڕوداوی سەرنج ڕاکێشە، ژیانی ئەم ئافرەتە زۆر لە ژیانی مریەمی پاکیزەی دایکی عیسا دەچێت، بەو ئەفسونەی کە دەگوترێت تیشکی خوایی وەک ئەوەی لە مریەمدا رویدا لە جەلالەی لوڕستانیشدا ڕوویداوەو لەو ڕێگەیەوە کوڕێکی بووە بەکچێتی و بەبێ مێرد کە (شا خوشین) و سالی ٤٠٦-٤٦٧ ژیاوە واتە ٦١- سال. شا خوشین یەکێکە لە پایە گـرنگەکـانی ئاینی ئەهلی هەق و لەبابەتێکدا بەجیا قسە لەسەر ئەم شاعیرەش دەکەین.

لەسەرەنجامدا هاتووە جەلالە خانم بەیانیەک لەخەو رادەبێتەوە دەچێتە سەر بانیژەی ماڵەکەیان و لەپڕ تیشکێکی خوایی دەچێتە جەستەی ئەو خانمەوە، بەسەرهاتەکە بۆ دایکی باس دەکات بەڵام دایکی بەهەند وەری ناگرێت، پاش ماوەیەک نیشانەکانی سک پڕی لە جەلالەدا دەردەکەوێت، ئەم ڕوودواوە بارێکی زۆر دڵگران کرد، لە ترسی ئابڕوشکانی بنەماڵەکەیان فەرمان دەدانە کوڕەکانی بیبەن لە چۆڵەوانیەکدا بیکوژن. فەرمان جێبەجێ کرا، جەلالە بەقۆڵ بەسراوی بەدەست براکانیەوە برایە چۆڵەوانی بۆ کـوشتن و ســڕینەوەی ئابڕوی بنەماڵەکەیان، لەوکاتەدا برا بچووکەکەی بەزەیی بە خوشکەکەیدا دێتەوەو بەبراکانی دەڵێت دەست مەخەنە خوێنی خوشکی خۆتان لەم چۆڵەوانیە بێ بەستنەوە تا گیانداری درندە دەیخوات، هەموو براکانی بڕوا بەم قسەیە دەهێنن، برایەکی ئەبێت کە وتی ئێوە بچنەوە من لە فەرمانی باوکم دەرناچم دەبێت بەخوێنی ئەو ڕیسوایی بکرمەوە. براکان جگە لەوەی ئەو رایەی هەبوو گەڕانەوە، ویستی بەخەنجەر خوشکەکەی بکوژێ، لە غەیبەوە دەنگێک بانگی کرد (خوشکەکەت مەکوژە پاکیزەیە، سکەکەی نوری خوایەو دەبێتە ڕێنوێنیکەری خەلکی).

براکەی سەراپای لاشەی هاتە لەرزەو داوای بەخشینی لەخوشکەکەی کرد و پێکەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بەسەرهاتەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە و باوکیشی ڕازی بوو.

پاش مـاوەیەک کـوڕێیەک لە دایک بوو ناویان نا (میارەک شا) لە هەفتەی یەکەمیدا پیاوێکی خواناس هاتە لای دایکی بەناوی (کـاکـە ڕدا) و مژدەی دایە لە داهاتوویەکی نزیکدا کـوڕەکـەی دەبێتـە ڕێنوێنیکەری خەلکی بۆ پەرستنی خواە.

جەلالە خانم کـچی مـیـرزا ئامانای فەرمانڕەوای

لورستانە سالی ٣٧٨ کۆچی لە لورستان لە دایک بووەو لە منداڵییەوە کچێکی پارێزکار بووەو زۆر تێکەڵی کۆمەڵ نەبووەو زۆر کاریگەر بووە بەدیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشتی لورستـــان. باوکی ناویەتە بەرخوێندن لای باشتـــرین مامۆستـــای ئەو سەردەمە، ئەم خانمە جگە لە شیعر لە هونەری مۆسیقادا مامۆستایەکی ئارام بووە بەتایبەت لە ئامێری (تەمبور)دا هەردەم بەدەم ژەنینی تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی خوێندوەتەوە.

وەک شاعیرانی دیکەی ئەو سەردەمە شیعرەکانی بەشێـــوەی زاری هەورامی و لە قـــاڵبی دو بەیتیـــدا نووسیوە.

ئەو کـــارەســـاتەی بەســـەر ئەم خـــانمەدا هات لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

جەلالە خانمی کچی میـرزا ئامانای لورستـــانی لە ناوەراســـتی ســـەدەی پێنجـــەمـــدا مـــالآوایی لە ژیان خواستووەو لە لورستان نێژراوە.

لە پاش خۆی هەندێک دووبەیتی لە پاش جێماوە لە کتێبی (دەورەی شاخوشێن) کە کتێبێکی پیرۆزە لای ئەهلی هەقەکان و ئایێستاش ئەو دەستنووسە ماوەتەوە.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەدوو بەبەیتییەکانی ئەو خانمە شاعیرە بڵاو دەکەینەوە لەگەڵ لێکدانەوەی دەقەکان:

**ئەی کاکە ردا، سوار دانا**
**ئی فەرمان ئاماجە هەفت ئاسمانا**
**خەلق لورستان (وەزۆش) مەزانا**
**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا**

لەم دو بەیتـــیـــەدا ئەو رەنگدانەوەیە ئاشکرا دیارەو بووەتە گرێ لای ئەم شاعیرە، لەم دوبەیتییەدا قسە لەگەڵ کاکە ردا دەکات و پێی دەڵێ ئەی سواری زاناو لێهاتوو فـەرمـانی دروست بوونی شـاخـوشێن لای خـواوە هات و تۆش مژدەت دامێ کە کـورەکـەم رێنوێنی کـارە، خەڵکی لورستان کورەکەم بە (زۆڵ) و خۆشم بەداوێن پیس دەزانن بەلآم جەلالەی کچی میرزا ئامانا داوێن پاکە.

ئەم دو بەیتییە لە نوسخەکەی (صدیق بۆرەکەیی)دا هەڵەیە بەلآم لە دەفتەری (دەورەی شاخوشێن)دا نیوەدێری دووەم بەم جۆرەیە:

خـەڵق لورســـتـــان وەزۆڵش مـەزانا.......... بەلآم ئەمەش بەپێی کێشی شیعری لەنگەو راستیەکەی دەبێت بەم جۆرە بێت.

**ئەی کاکە ردا، سوار دانا**
**ئی فەرمان ئاما جەهەفت ئاسمانا**
**خەلق لورستان (بەزۆڵش زانا)**
**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا**

لە دو بەیتیەکی تردا ئەم شاعیرەمان کەمێک ئارامی بەدڵدا دێت کـاتێک دەبینێت ژن و پیـاوی لورستـــان لە دەورەی کورەکەی کۆبوونەتەوە و سەری بۆ دەسپێرن.

**ئەبەرەی شایی، ئە بەرەی شایی**
**ئاورۆنیشتە بێم ئەبەرەی شایی**
**مێردان و ژەنان مەشێن وەشایی**
**پەری شاخوەشێن مەدان گەوایی**

دیارە دیـــسان لە نوسخەکەی (بۆرەکەیی)دا لە نیوەی دووەمی دێری یەکەمدا هەڵەیەک هەیە کـە (ئاورۆ) واتە ئەمرۆ و ئەویش راستیەکەی (ئارۆ)یە.

واتە: ئەمرۆ ژیانم لەبەردەم دەروازەی خۆشییدا بوو. بەکامی دڵ تەماشای ژن و پیاوانم دەکرد کە دەستە دەستە دەچوونە لای (شاخوشێن)ی کورم و بروایان بەو دەهێناو شایەدی راستییان بۆ دەداو سەریان بۆ دەسپارد.

وەک لەســەرەتاوە ئامـاژەمـان پێدا جـەلالە خـانم ئافرەتێکی خواپەرست و پەیرەوکـەرێکی ئایینی کـوردان بووەو هەمیشە سۆزی سۆفیانەی دەروونی هێناوەتە جۆش، بەمەی خواردنەوەی خودایی دەروونی پاراوکردووە:

**مەستم جەبادەی رۆی ئەلەست تۆ**
**وەسەن یەک جامێ مەی جەدەست تۆ**
**ئاینەی زێڵم رۆشنەن چون مەی**
**جەوێن بیەنم مەی پەرست تۆ**

واتە: لە بادەی رۆژی ئەلەست دا مـەست بووم، تەنها جامێکی دی لەو مەیەم دەوێت لە دەستی خۆت، ئاوێنەی سۆزو دڵم رۆشنە چون بادەی تۆ، هەربۆیە بومـەتە مـەی پەرستی تۆ.

ئەم خانمە چەندین دوبەیتی دیکەی هەیە و بەندە لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی شاعیری دیکەدا کۆم کردونەتەوە لەدو توێی کـتـێـبـێکدا چاوەڕێم یەکێک دەستی بگرێت و بیگەیەنێتە چاپخانە!!!.